

# بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەویتردا
# لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ 'ئێمانوێل لێڤیناس'دا

وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

هەڤپەیڤین
ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١
jineftin.krd

ئەم گفتوگۆیە، کە لەژێر ناونیشانی «بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەویتردا» ڕێکخراوە، بەشـــی هەشـــتەمی کتێبی «ئەخلاق و لەکۆتابەدەری»یە، کتێبێك کە پێکهاتووە لە دە گفتوگۆی فلیپ نیمۆ لەگەڵ لێڤیناسـدا. لەم بەشـــەدا لێڤیناس قسـه لەسـەر چەمکگەلێکی تایبەتی وەك ڕوو/سیما، بەرپرسیارێتی، ئەویتر، سوبێکتیڤیتە و هتد دەکات.

**ئێوە لە دواهەمین بەرهەمی گرنگی خۆتاندا، «لە سـەرووی بوونەوە یا ئەودیوی جەوهەر»، دەربارەی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی قسە دەکەن. هۆسرڵ پێشتر قسەی لەسـەر بەرپرسـیارێتی کردبوو، بەڵام یەك بەرپرسـیارێتی لە بەرامبەر هەقیقەتدا؛ هایدێگەریش دەربارەی ڕەسەنایەتی قسەی کردبوو؛ بە نەوبەتی خۆتان، پێم خۆشە بزانم تێگەیشتن و چەمکسازیی ئێوە بۆ بەرپرسیارێتی چییە؟**

من لەم کتێبەدا وەك بونیادی جەوهەریی، یەکەمین و بنەڕەتیی سوبێکتیڤیتە[١] قسە لەسەر بەرپرسـیارێتی دەکەم. چون من بەپێی زاراوە و کاتیگۆرییە ئەخلاقییەکان سـوبێکتیڤیتە وەســف ناکەم. لێرەدا، ئەخلاق، بە گرنگییەك بۆ یەك بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجیی لە پێشـــتر هەژمار ناکرێت؛ خودی چەقەهێزی سـوبێکتیڤ لە ئەخلاقدا وەك بەرپرسـیارێتی دەرك دەکرێت و دەچنرێت.

لە ڕوانگەی مندا، بەرپرسیارێتی واتە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر **ئەویتر**دا و، دواجار واتە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەو شتەدا کە کردەی من نییە، یا تەنانەت لە بەرامبەر

١. subjectivity

ئەو شـــتەدا کە بۆم گرنگ نییە؛ یا ئەو شـــتەی کە بە وردیی بۆم گرنگە و، لە بیچمی سیمادا و وەك سیما ڕووبەڕووی دەبمەوە.

**بە چ شێوەیەك، پاش دۆزینەوەی ئەویتر لە سیمایدا، مرۆڤ ئەویتر وەك کەسێك کە لە بەرامبەریدا بەرپرسیارە، دەدۆزێتەوە؟**

بە ناسـاندنی سـیما بە شـێوەیەکی ئەرێنی و نەك تەنها بە شـێوەیەکی نەرێنی. گفتوگۆی پێشوومان بەبیر دەهێنینەوە: دیدار لەگەڵ سیمادا، یا با بڵێین بینینی سیما، پەیوەست نییە بە پانتایی ئیدراکی پەتی و سـادەوە، بە پانتایی مەبەسـتمەندی یا ئاگایی مەبەسـتکراو کە بەرەو هاودەقیی [فۆرمی ســـوبێکتیڤ و واقیعییـەتی دەرەکیدا] دەچێتە پێشـــەوە. بە شــێوەیەکی ئەرێنی، ئێمە دەڵێین لەبەر ئەوەی کە **ئەویتر** نیگای من دەکات، کەواتە من لە بەرامبەر ئەودا بەرپرسـیارم، تەنانەت ئەگەر هیچ بەرپرسـیارێتییەکم سـەبارەت بە ئەویتر پەسـەند نەکردبێت، بەرپرسیارێتیی ئەو **لە ئەستۆی منە**. ئەمە بەرپرسیارێتییە کە لەو شـــتەی کە ئەنجامی دەدەم، ســـەرتر دەڕوات [و ســـنووری کردەی من تێپەڕ دەکات]. ئاســـایی، مرۆڤ لە بەرامبەر ئەو شـــتەدا کە خودی خۆی ئەنجامی دەدات بەرپرسیارە. لە ***سەرووی بوون یائەودیوی جەوهەر***دا، من وتوومە کە بەرپرسیارێتی لە بنەڕەتدا جۆرێك *بۆ ئەویترە*[٢][یا بەرپرســـیارێتییە لە بەرامبەر ئەویتردا]. ئەمە بەو مانایەیە کە من لە بەرامبەر خودی بەرپرسیارێتیی ئەودا بەرپرسیارم.

**چ بەشـــێك لەم بەرپرســـیارێتییە لە بەرامبەر ئەویتردا دەســـتنیشـــانکەری بونیادی سوبێکتیڤیتەیە یاخود، بونیادی سوبێکتیڤیتە پێناسە دەکات؟**

لە ڕاسـتیدا بەرپرسـیارێتی تەنها یەکێك لە سـیفەتەکانی سـوبێکتیڤیتە نییە، وەك بڵێی کە سوبێکتیڤیتە، بەر لە شکڵگیریی پەیوەندیی ئەخلاقی، لە خۆیدا پێشوەخت بوونی هەبووە. سوبێکتیڤیتە پرسێك نییە بۆ خۆی؛ بەڵکە سوبێکتیڤیتەش، بە نەوبەتی خۆی، لە سەرەتادا

---

[٢] *For the Other*.

بۆ کەسێکی ترە. لەو کتێبەدا [***سەرووی بوون یائەودیوی جەوهەر***]، نزیکێتیی **ئەویتر** وەك ئەم فاکتە دەخرێتە ڕوو کە **ئەویتر** تەنها لە لایەنی شـوێنییەوە لە من نزیك نییە و، یا چەشـــنی نزیکیی دایك و باوك لە منداڵ، بەڵکە ئەویتر لە بنچینەدا و لە خۆیدا بە هەمان ڕێژەیەك کە خۆم لە بەرامبەر ئەودا بە بەرپرسیار هەست پێ دەکەم- بە هەمان ڕێژەیەك کە لە بەرامبەر ئەودا بەرپرسـیارم- بەرەو من نزیك دەبێتەوە. ئەمە بونیادێکە کە هیچ هاوشـێوەیەکی لەگەڵ پەیوەندیی مەبەسـتمەند[٣]دا نییە، پەیوەندییەك کە لە پانتایی مەعریفەدا ئێمە گرێ دەدات بە ئۆبژەیەکی تایبەتەوە- ئەویش بە چاوپۆشـین لە گرنگیی ئەم ئۆبژەیە کە دەشـــێت یەك مرۆڤ بێت. نزیکێتی هیچ کات ناگەڕێتەوە بۆ پلەی ئەم مەبەستمەندییە یا پەیوەندییە مەبەستمەندە؛ بە دیاریکراویش هیچ کات تا ئاستی ئەم فاکتە دانابەزێت کە **ئەویتر** بۆ من زانراو و ناسراوە.

**بە دەربڕینێکی تر، من دەتوانم کەسـێکی تر بە تەواوەتی بناسـم، یا ناسـینێکی کامڵی لەبارەوە بە دەســـت بهێنم، بەڵام ئەم مەعریفە [و ناســـینە] بە خودی خود هەرگیز هاوتای جۆرێك نزیکێتی نابێت؟**

نەخێر. گرێدران بە **ئەویتر**ەوە تەنها وەك بەرپرسـیارێتی گرێ دەدرێت و دەبەسـترێت، ئەویش بە چاوپۆشـــین لە پەســـەندکردن یا ڕەتکردنەوەی ئەم بەرپرســـیارێتییە، بە چاوپۆشـــین لە زانین یا نەزانینی ڕێگەی پەســـەندکردنی ئەم بەرپرســـیارێتییە، بە چاوپۆشـــین لە توانایی یا ناتوانایی ئەنجامدانی کارێکی بەرهەســـت و دیاریکراو بۆ **ئەویتر**. گوتن: من لێرەم[٤]. ئەنجامدانی کارێك بۆ **ئەویتر**. بەخشـین. بە دەربڕینێکی تر، مرۆڤبوون و بەهرەمەند بوون لە ڕۆحی مرۆیی. بەرجەستەبوونی سوبێکتیڤیتەی

---

[٣] Intentional realation.

[٤]. لیڤیناس «من لێرەم-me voice»، لە ***کتێبی موقەدەس***ەوە دەهێنێت: ***کتاب مقدس، سفری پەیدابوون***، دەروازەی ٢٢، دێڕی ١، ٧، ١١، و ***کتێبی ئەشعیا***، دەروازەی ٦، دێڕی ٨. لە ***کتێبی موقەدەس***دا، زیاتر لە دەیان جار ئەم دەستەواژە لەلایەن پەیامبەرانەوە دووبارە کراوەتەوە: «... ئەوە بوو دوای ئەم هەموو شتانە، خودا ئیبراهیمی تاقی کردەوە. پێی فەرموو: ئیبراهیم! ئەویش وتی: من لێرەم. ئینجا فەرمووی: کوڕەکەت، کوڕە تاقانەکەت، ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، لەگەڵ خۆتی بەرە و بڕۆ بۆ زەوی مۆریا. لەوێ بیکەرە قوربانی لەسەر یەکێک لە چیاکان کە خۆم پێت دەڵێم...» دەستەواژەی «من لێرەم» واتە بەرپرسیارێتیی ڕەها لە بەرامبەر هەموو کەسێکدا. لیڤیناس دەڵێت: «کاتێک لە حضوری ئەویتردا دەڵێم «من لێرەم!»، ئەم «من

مرۆیی گەرەنتیکەری ڕۆحانییەت [ـــــی سوبێکتیڤیتەی مرۆییە] (بۆ من ڕوون نییە کە فریشــتەکان دەتوانن چ شــتێك بە یەکتر ببەخشــن یا بە چ شــێوەیەك دەتوانن یارمەتیی یەکتر بدەن.) دیا-کرۆنی[٥] بەر لە هەر چەشنە دیالۆگێك: من پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان بە جۆرێك شـــیکار دەکەم کە وەك بڵێی، لە نزیکێتیی لەگەڵ **ئەویتر**دا- ئەودیوی ئەو وێنەیەی کە من خۆم لە تاکێکی تر دروســتی دەکەم- ئەو شــتەی کە من لە پێشــەیەکدا *دادەمەزرێنێت* کە خزمەتکاری ئەو بم، ســـیمای **ئەویتر**، و خەســـڵەتی دەربڕ [expressive]ـــــە لە **ئەویتر**دا (و لەم مانایەدا تەواوی جەستەی مرۆڤ کەم تا زۆر ڕۆڵی سیما دەگێڕێت). من بە ئەنقەست ئەم شکڵگیرییە زیادەڕەوە بەکار دەخەم. سیما فەرمان بە من دەدات و من لە پێشــەیەکدا دادەمەزرێنێت. مانا یا دەلالەتی ســیما هەمان فەرمانێکە کە بە شێوەی مەدلول[٦] دەردەکەوێت. وردتر بڵێین، ئەگەر سیما بۆ من دال[٧] بێت بۆ [دەرکردنی] یەك فەرمان، ئەوا ئەم پرســـە جیاوازە لە ڕێگەی دەلالەتی هەر نیشــــانەیەکی ئاســـایی بۆ مەدلولی خۆی[٨]؛ ئەم فرمانە هەمان خودی ماناداربوون یا دەلالەتگەریی سیمایە[٩].

---

لێرەم!»ە هەمان ئەو پانتاییەیە کە پرسی **لەکۆتابەدەر** لە ڕێگەیەوە پێ دەنێتە ناو قەڵەمڕەوی زمانەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی کە خۆی بخاتە بەردەم بینرانەوە.» بە دەربڕینێک، دەستەواژەی «من لێرەم»، پانتاییەکە کە تێیدا خودا دێتە ناو قەڵەمڕەوی زمانەوە. (و. کوردی)

٥. dia-chrony، کاتمەندی، لەناو-کاتدابوون یا پەیوەستبوون بە کاتەوە وەک بوونەوەرێکی بەرمەرگ.

٦. signified، مەدلول، ئاماژەپێکراو.

٧. دالّ: ئاماژەکەر.

٨. «دەلالەتی سیما فەرمانێکە کە بە شێوەی مەدلول دەردەکەوێت. ئەگەر سیما لە نیگای مندا دال بێت بۆ یەک فرمان، ئەوا ئەم کارە جیاوازە لە شێوازی دەلالەتی هەر نیشانەیەکی ئاسایی بۆ مەدلولەکەی خۆی؛ ئەم فرمانە هەمان خودی دەلالەتگەریی سیمایە.»

٩. Signifyingness of face.

**ئێوە هاوکات دەڵێن: «فەرمان بە من دەدات» و «من لە پێشەیەکدا دادەمەزرێنێت.» ئایا ئەمە جۆرێك لێکدژیی نییە؟**

سیما بە هەمان شێوازێك کە مرۆڤ بە کەسێك کە لەژێر باڵادەستیی ئەودایە فەرمان دەدات، فەرمان بە من دەدات، بۆ نموونە کاتێك کە دەڵێین: «کەسێك کاری بە تۆیە.» یا «کەسێك تکا لە تۆ دەکات.»

**بەڵام ئایا «ئەویتر»یش لە پێوەند بە منەوە بەرپرسیارە؟**

ڕەنگە، بەڵام ئەمە گرفت[10]ـی **ئەوە**. یەکێك لە تێگە بنەڕەتییەکانی ***تەواوێتی و لەکۆتابەدەری*** کە تا ئێستا هیچ قسەیەکمان لەبارەیەوە نەکردووە، ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان-سوبێکتیڤیتە یەك پەیوەندیی نا-هاوسەنگ [non-symmetrical]ـە. لەم مانایەدا، من لە بەرامبەر **ئەویتر**دا بەبێ هیچ جۆرە چاوەڕوانییەك بۆ پەیوەندیی هاوسەنگ یا دوولایەنە بەرپرسیارم، تەنانەت ئەگەر [ئەم بەرپرسیارێتییە] بە نرخی ژیانم تەواو ببێت. دامەزراندنی پەیوەندیی هاوسەنگ گرفتی **ئەوە**. من بە وردیی تا ئەو سنوورە ملکەچی **ئەویتر**م [the subject to Other] کە پەیوەندیی نێوان من و **ئەویتر** پەیوەندییەکی هاوسەنگ نییە؛ و لەم مانایەدایە کە من بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بنچینەیی یەك «سوژە»م. ئەمە منم کە هەموو شتێکم لەسەر شانە و دەبێت یارمەتیی هەمووان بدەم. ئێوە ئەو وتە ناسراوەی دۆستۆیڤسکی [لە ڕۆمانی ***برایانی کارامازۆڤ***] دەزانن: «*ئێمە هەموومان بۆ هەموو شتێك و بۆ هەموو کەس لە بەرامبەر هەمووان‌دا کەمتەرخەمین، و من زیاتر لە ئەوانیتر.*[11]» ئەم وتەیە بە مانای دانپێدانان بەم یا بەو گوناهەدا کە من بە ڕاستی کردوومە، یا دانپێدانان بە هەڵەگەلێکدا کە ڕەنگبوو بیانکەم نییە؛ بەڵکە بنەمای ئەم وتەیە ئەوەیە کە من مەینەتیی یەك بەرپرسیارێتیی تەواوم لەسەر شانە؛ بەرپرسیارێتییەك کە وەڵامدەرەوەی تەواوی ئەوانیتر و تەواوی کردەوەی

[10] Affair .مسألە:

[11] Fyodor Dostoyevsky, *Ther Brothers Karamazov*, transl by Constance Garnett (New York: New American Library, 1957), p. 264.

ئەوانیتر، و تەنانەت وەڵامدەرەوەی بەرپرسیاربوونی ئەوانیترە. و «من» هەمیشە یەك پلە *زیاتر* لە تەواوی مرۆڤەکان و ئەوانیتر بەرپرسیار و وەڵامدەرەوەم.

**ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەر ئەوانیتر بەو شـــتەی کە دەبێت کاری پێ بکەن، کار نەکەن، کەمتەرخەمییەکەی لە ئەستۆی منە؟**

پێشتر لە شوێنێکی تردا وتوومە- و هێندەش پێم خۆش نییە کە ئەم خاڵە بەبیر بهێنمەوە، چون دەبێت بە تێبینیگەلێکی تر کامڵ بکرێت- کە من لە بەرامبەر ئەو ســـتەمەدا کە لێم دەکرێت بەرپرســـیارم. بەڵام تەنها من! «خزمانی نزیك»ـــــی من یا «خەڵکی من» پێشـــوەخـت ئـەوانیترن و من، بۆ ئـەوان، خوازیـاری دادپەروەری و داواکـاری جیبەجێکردنی هەقم.

**ئێوە تا ئەم سنوورە دەچنە پێش!**

بەڵێ، چون من تەنانەت لە بەرامبەر بەرپرسیاربوونی **ئەویتر**یشدا بەرپرسیارم. ئەمانە کۆمەڵێك فۆرمیولە و دەســـتەواژەی زیادەڕەون کە نابێت جیا بکرێنەوە لە زەمینە و بەســـتێنی خۆیان. لە هەلومەرجی تایبەت و بەرهەســـتدا، زۆرێك لە تێبینییەکانی تر دەخرێنە ڕوو و بەشداربوونی ئەم تێبینییانە دەبێتە هۆکار تا تەنانەت لە بارەی منیشەوە داوای بەدیهاتنی دادپەروەری بکرێت. لە پراکتیکدا، یاســاکان و ڕێوشــوێنەکان هەندێك لە پێشـــهات و ئەنجامەکان ڕەت دەکەنەوە. بەڵام دادپەروەری تەنها لە حاڵەتێکدا مانای هەیە کە ڕۆحی بێ-مەبەســـتی [dis-inter-estedness] بپارێزێت، ڕۆحێك کە ئایدیای بەرپرســیارێتیی مرۆڤ لە بەرامبەر مرۆڤەکانی تردا دەبووژێنێتەوە. «من» لە بنەڕەتەوە خۆم لە خەسڵەتی «یەکەم کەس»بوونی خۆم جیا ناکەمەوە؛ «من» مەینەتیی جیهان بە کۆڵ ڕادەکێشێت. سوبێکتیڤیتە لە زەمینەی هەمان جووڵەیەکدا خۆی دروووست دەکات کە لە ڕێگەیەوە بەرپرســـیارێتی لە بەرامبەر **ئەویتر**دا دەگوازرێتەوە بۆ ئەو، بەم شـێوەیە سـوبێکیتیڤیتە تا سـنووری جێگرتنەوە بۆ **ئەویتر** دەچێتە پێش. سـوبێکتیڤیتە

ملکەچ دەکات بۆ دۆخ- یا نادۆخ[١٢]-ـــی بارمتەبوون. سوبێکتیڤیتە لە سنوری خۆیدا لە سەرەتادا بارمتەیە؛ سوبێکتیڤیتە تا سنووری کەفارەت دانەوە بۆ ئەوانیتر وەڵامدەرەوەیە.

ئەم چەمکســـازییە یۆتۆپی، و لە دیدگای «من»دا، نامرۆییە، دەشـــێت ببێتە هۆکاری تووڕەیی و ڕســـوایی. بەڵام مرۆڤایەتیی مرۆڤ- ژیانی ڕاســـتەقینە- پرســـێکی غایبە. حضـــوری مرۆڤایەتی لە پانتایی بوونی ئۆبێکتیڤ و مێژوویی‌دا، خودی بنەگیربوونی پرســـی ســـوبێکتیڤ و چالاکیی ڕۆحیی[١٣] مرۆڤ لە دۆخی چاودێریی یا هۆشـــیارییە ســـەرەتاییەکەیدا، هاوتای هەمان بوونێکە کە دۆخی بوون یا بوونی خۆی وێران دەکات: [ئەمە واتە] بێ-مەبەستی [dis-inter-*estedness*][١٤]یاخود لە-بوون-ڕزگاربوون]. مەبەســـت لە ناونیشـــانی کتێبەکەی منیش هەر ئەمەیە: ***ســـەرووی بوون***. دۆخی بوونناســـانە خۆی وێران دەکات، یاخود لە دۆخی یا لە نا-دۆخی مرۆییدا وێران دەبێت. مرۆڤبوون واتە ژیانکردن بە شـێوەیەك کە وەك بڵێی مرۆڤ بوونەوەرێك نییە لە نێوان بوونەوەرەکاندا. وەك بڵێی کە، کاتیگۆرییەکانی بوون، لە ڕێگەی پانتایی ڕۆحانییەتی مرۆڤەوە، دەگۆڕدرێن بۆ شتێك «لە سەرووی بوون»ـــەوە یا قلْپ دەبنەوە بۆ ناو یەك «ئەودیوی بوون». بەرهەمی ئەم جۆرە تێرامانە تەنها دەســـتگەیشـــتن نییە بە بوونێکی سەرووی بوونی پێشین؛ بوونی سەرووی بوونی پێشین هێشتا جۆرێك بوونە. هەقیقەت ئەوەیە کە «ســـەرووی بوون»، بەدەر لەو فرمانەی کە بتوانێت ڕووداوی نائارامی و پەشـــێوییەکەی[١٥]، بێ-مەبەســـتبوونەکەی- یا ڕزگاربوون و هەڵهاتنی لەم بوونە- و خستنە-ژێر-پرسیاری [putting-into-question] ئەم بوونە دەستنیشان بکات.

---

[١٢] Condition or uncondition.

[١٣] psychism.

[١٤]. بەشی سێیەمی ئەم زاراوەیە کە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لە فرمانی «بوون–to be»ـەوە دارێژراوە؛ لەم ڕووەوە، چەمکە ئەخلاقییەکانی «مەبەست–غرض» و «بێ مەبەستی–بێ–غرضی»، مانایەکی بوونناسانە و ئۆنتۆلۆژیکی وەردەگرن. لیڤیناس لە ئاراستەی جووڵەی تەواوی فەلسەفەی خۆیدا، کە لەسەر یەکەمیتیی ئەخلاق لەچاو بوونناسی دامەزراوە، چەمکی ئەخلاقیی «بێ مەبەستی» وەک هەوڵێک بۆ زاڵبوون بەسەر بووندا ڕاڤە دەکات. هەر لەم ڕووەوە، لە بەشی **سێ**دا ئەم زاراوەیەمان بە «لە-بوون-ڕزگاربوون» وەرگێڕا، چون، بە ڕوانگەی لیڤیناس، بێ مەبەستیی ئەخلاقی پێویستی بە ڕۆنەچوون بەناو بووندا هەیە، پێویستی بە تێپەڕاندنی بوون بەرەو «سەرووی بوون» هەیە.

[١٥] Un-rest.

ئەمە «من»م کە پشـــتیوانی لە ئەویتر دەکەم و لە بەرامبەر ئەودا بەرپرســـیارم. بەم شـــێوەیە ڕوونە کە مافی یەکەمین لەدایکبوونی من خۆی لە بیچمی ســـوژەی مرۆییدا ئاشـــکرا دەکات و دەردەخات[١٦]، و ئـەم پرســـە لـە هـەمـان کـاتدا دەربڕی جۆرێك ملپێکەچکردن [subjection]ـی تەواوە. بەرپرسیارێتیی من نەگوازراوەیە، هیچ کەس

ناتوانێت شـــوێنی من بگرێتەوە. لە ڕاســـتیدا، بە زەحمەت دەتوانرێت بگوترێت کە شـــوناســـی مرۆیی «من» لە بەرپرســـیارێتییەوە ســـەرچاوە دەگرێت، واتە لە دانان[position] یا لە دابرینی [deposition] «من»ـــــی باڵادەســـت لە پانتایی خودئاگاییدا دەســـت پێ دەکات، دابرینێك کە بە وردیی هاوتای بەرپرســـیارێتییە لە بەرامبەر **ئەویتر**دا. بەرپرسیارێتی ئەو شتەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی منە، شـــتێك کە من، *لە لایەنی مرۆییەوە*، ناتوانم ڕەتی بکەمەوە. ئەم ئەرکە یا بەرپرسیارێتییە دەربڕی شەرەف و سەربەرزیی بوونەوەرێکی تاقانەیە. من تەنها بەم نرخە منم، ئەویش منێکی شـــوێنپڕنەکراو[١٧]ـــــە کە بەرپرســـیارم[١٨]. من دەتوانم ببمە شـــوێنگرەوەی هەموو کەســـێك، بەڵام هیچ کەســـێك ناتوانێت خۆی بکاتە شـــوێنگرەوەی من[١٩]. ئەمە هەمان شوناسی جیانەکراوەی منە وەك یەك سوژە. بە وردیی لەم مانایەدایە کە دۆستۆیڤسکی دەڵێت: «*ئێمە هەموومان بۆ هەموو شتێك و هەمووکەس لە بەرامبەر هەمووواندا بەرپرسیارین، و من زیاتر لە ئەوانیتر.*»

---

[١٦]. ڕەنگە، مەبەستی لێڤیناس ئەوە بێت کە هەر یەکێك لە ئێمە، وەک سوژەی مرۆیی، تەواوی ئەرک و بەرپرسیارێتیی منداڵی گەورەتر بە میرات دەبات، و دەبێت لە بەرامبەر ئەوانیتردا ببێتە لەئەستۆگری بەرپرسیارێتی.

[١٧] Non-interchaneable.

[١٨]. «من تەنها بەم پێوەرە منم کە بەرپرسیارم، یەک مرۆڤی ئاڵوگۆڕپێنەکراو.»

[١٩]. «من دەتوانم شوێنی هەر کەسێک پڕ بکەمەوە، بەڵام هیچ کەسێک ناتوانێت شوێنی من وەک مرۆڤێکی شوێننەگیراو پڕ بکاتەوە.»